

# هەتا کەینێ

## ئەحمەد دەشتی

ئەوا دیسان  لە بەختی من
شەوی قەقنەس دا هاتەوە
گەوالەی ڕەش هەڵی  کردێ و
بارانی خەم وا بە ڕێژنە کوتایەوە

ڕۆژگارانم هەروەک پیشووم
هە مووی ڕەنج و ژانی برینە
هەموو دەم و ساتی ژیانم
وەکو شەوە و پڕ گرینە

لەوەتی هەم لەم ژیانەم
ڕۆژێ ڕەش و شەوگاری دوون
لە ئاسۆی من نەبڕایەوە
هەروا دەژیم بێ شادی بوون

ئەی گەردوونی چەوت و بەدفەڕ
دەبڕۆ دەبڕۆ چارەت ون کە
لە ناو خاک و هەواری من
چیتر زۆری لە من مەکە

دەڵیَم گەڕێن با ڕەهابم
دەبا منیش خاوەن کیانی سەربەخۆبم
دەبا تیشکی جوانی خۆرم
لە کوردستان هەڵبێ و ئازادەبم

کوردیش خاوەن ماڵی خۆی بێ و
بژی هەردەم وەک سەربەستان
زۆر لە مێژە چاوەڕێمە
پشوێ بدەم لە کوردستان

نیشتمانم ڕزگار بێ و
گەلی کوردم وەپێشکەوێ
دەبا منیش وەک خر گەلان
ناوم لە ناوا دەرکەوێ



دەبێ منیش  سەربەست بژیم
ئاڵای کوردم وەسەر بخەم
کوردستانم ئاوەدان بێ و
ناوی کوردم وەدەر بخەم

هەتا کەینێ هەر ژێر دەست بم
شەوی تارم دابێتەوە
ڕۆژگارانم هەر شەو بێت و
ئاسۆی کوردم روون نەبتەوە

ئەوائەمرۆساڵەهایەلەچنگ دوژمن
لە ناو کێلگەی ئازارانم
لە ژێر چنگی ناکەسان دا
لە گولخەنی پڕ گریانم

بەسە چیتر رۆژی رە ش و
شەوگارانم بانێتەوە
کوردستانم سەربەخۆ بێ و
ژێر دەستەییم ببڕێتەوە

بەسیە تاکەی تاراوگەیی و
پەرێشانی و ئازارو خەم
لە زێدی من هەر ڕەوا بێ
ڕەنج و زام و ئاسۆی  بە تەم

هەتاکەینێ نەیاران و
داگیرکەری پەست و ناکەس
هەر بمینێن لە سەر خاکم
هەر کارابێ دەستی تەرەس

میش مرۆم
ئازاد بوونی خۆمم دەوێ
لە سەر خاکی زێرینی خۆم
سەربەخۆیی کوردم دەوێ



کەی ڕەوایە
عارەب بڕیاردەر بۆ من بدەن
لە سەر خاک و زێدی خۆما
ئەوان بڕیار بۆ من بدەن

لە کام یاسا دا هاتووە
کە وا  عارەب  ئاغای کورد بن
لە ژیانی چارەنوس دا  دەخالەت کەن
ئەوان بۆ کورد ن بڕیار دەر بن

بە چە مافی بۆ گەلی کورد
عارەب دین و چارەی ژینمان دیار دەکەن
هەتا کەینێ عارەب دێن و بەم شیوەیە
سەربەخۆییم لێ  زەوتە کەن

مافی خۆمە کە چیم دەوێ و خۆم بڕیاردەم
چۆن بژیم  و چی دابین کەم
سەربەرزیی و سەربەخۆیی خۆم بڕیاردەم
مافی خۆمە  کە خۆم ماڵی خۆم ڕزگارکەم

دەبڕۆن بڕۆن  لە سەر خاکی کوردستانم
با منیش بۆخۆم ڕەها بژیم لەماڵی خۆم
کوردستانم سەربەخۆبێ و ئازادبژیم
بە خۆم بۆخۆم بەرەوپێشبەم هەواری خۆم

سالەهای دەمکوژن و دەمرەترێنن
لێ ناگەڕێن ئاسودە بم دەم گریێنن
کوردستانم داگیر دەکەن
کەرکوکەکەم لێ دەستێنن

بەسە ئێتر نامەوێ ژین لە گەل ئێوە
کوردستانم خاکی خۆمەو زێدی منە
ئێتر بە خۆم سەربەخۆییم بڕیار دەدەم
چلۆن بژیم من چی بکەم مافی منە




**ئیتر دەستی گشت ستەمێ دەبڕمەوە**
**کوردستانم ڕزگار دەکەم بێ سێ و دوو**
**سەربەخۆیی وەدی دێنم لە ماڵی خۆم**
**جارێکی تر ناژیم ئەمن وەک ڕابوردوو**

**کێوی حەمرین مەرزی کورد و کوردستانە**
**چێی مەردانی قارەمان و گشت کوردانە**
**دوژمنان و بێگانەکان پێ بنێنە سەر خاکی من**
**دەڵێم ئیتر جێگەی مەرگیان کوردستانە**

**ئێوە هەرگیز برای من نین داگیرکەرن**
**دوژمنانی مرۆڤایەتی و چاو لە دەرن**
**دەلێم بژی کوردستانی شیرینی خۆم**
**سەربەخۆیی و ڕزگاربوون بۆم گەوهەرن**

*

**بە یادی هیوای سەربەخۆیی کوردستانە ئازیزەکەم و ڕەشنوسی دەستوری عێراقی پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی کە هەستی سەربەخۆیی کوردو کوردستانیان لە ناو دڵو دەروون دا هەیە و و بیری نەتەوایەتی کورد بە ئەرکی سەر شانیان دەزانن.بژی کورد بژی کوردستان.** 26.8.2005